# چەمکی ڕەخنەی پراکیتکی لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا

**کارزان کریم أمین[١]، فوئاد ڕشید محمد[٢]**

[١] بەشی زمانی کوردی، کۆلیژی زمان، زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
[٢] بەشی زمانی کوردی، کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

پانتاییەکی فراوانی توێژینەوە ڕەخنەییەکان، بە جێکردنەوە و بانگەشەکردن بۆ ئەنجامدان و کارکردن لە چوارچێوەی چەمکی ڕەخنەی پراکتیکی ڕەنگرێژ کراون، بەڵام ئەم زارەوەیە، یەك چەمك و بنەما و مۆدێلی کارپێکراوی نییە، بەڵکو فۆرمی جیاواز، زەمینەسازی تیۆری، بونیاتی مەعریفی جودای هەیە، لەم ڕوانگەیەوە، ئەم توێژینەوەیە،خوێندنەوەیەکی ڕەخنەییە بۆ چۆنیەتی تێگەیشتن و ئامادەبوونی زاراوەی ڕەخنەی پراکتیکی لە گوتاری ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، لەم ڕووەوە، شرۆڤەی جۆری چەمك و ناساندنی زاراوەکە لە ناو ڕەخنەی ئەدەبی جیهانیدا دەکات، جەخت لە سەر تیۆرە ڕەخنەییەکەی ی. ا، ڕیچاردز لە بارەی چەمك و ئامانج و بنەماکانی ڕەخنەی پراکتیکی دەکاتەوە. لەسەر ئەم بناغەیەوە، شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن بۆ چۆنیەتی ناونان و سازکردنی فۆرمی زاراوەکە و چۆنەیتی تێگەیشتن و بەکارهێنان و پراکتیزەکردنی لە هەندێك لەو کارە ڕەخنەییانەی ناو رەخنەی ئەدەبی کوردیدا دەکات، کە بانگەشەی بەکارهێنان و کارکردن بەم چەمکەیان کردووە. لەم ڕووەشەوە، لە سنوور و چوارچێوەی ڕەخنەی ڕەخنەوە، ساغکردنەوە و بەدواداچوون بۆ چۆنیەتی ئامادەبووون و کارپێکردنی زاراوەی ڕەخنەی پراکتیکی لە ناو کارە ڕەخنەییەکانی ڕەخنەگرانی کوردا دەکات. هۆکاری پشت تێگەیشتن و شێوازی کارپێکردنی زاراوەکە ڕوون دەکاتەوە. لەگەڵ ئەمانەشدا، هەموو ئەو فۆرم و ناونانانەی بەسەردەکاتەوە، کە لە گوتاری ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا بە هاوواتای ڕەخنەی پراکتیکی بەکارهێنراون. لە پاڵ ئەم بەکارهێنانانەشدا، زاڵی تێگەشتن و چەمکە گشتییەکەی ڕەخنەی پراکتیکی، کەمی بوونی تێگەیشتن و کارکردن لە چوارچێوەی چەمکە تایبەتییەکەی ڕەخنەی پراکتیکی بە تیۆر و ئارگومێنێکی تایبەت شرۆڤەی بۆ کراوە.

**وشە سەرەکییەکان:** ڕەخنەی پراکتیکی، مانای گشتی، ناوەوەی دەق، مانای تایبەتی، ڕەخنەی ئەدەبی.

## ١. پێشەکی

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی گوتاری ڕەخنەی ئەدەبی بریتییە لە کارکردن لەسەر بنەمای چەمك و زاراوە ڕەخنەییەکان، چونکە ئامادەبوونی دروستی ئەم زاراوانە پەیوەستە بە هۆشمەندی ڕەخەگرەوە و دەبێتە مۆرکێکی زانستی و بابەتیانە بە سروشتی گوتارە ڕەخنەییەکەوە. لەم ڕوانگەیەوە، زاراوەی ڕەخنەی پراکتیکی بایەخ و گرنگی خۆی هەیە. لە لایەك ئاماژەیە بۆ تیۆرێکی ڕەخنەیی دیاریکراو، کە پتر لە لایەن ڕیچاردزەوە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە هاتۆتە ناو گوتاری ڕەخنەی ئەدەبی و چەسپێنراوە، بەڵام لە ناو ڕەخنەی ئەدەبی کوردی، زۆر بە دەگمەن ئاوڕ لەم تیۆرە ڕەخنەییە دراوەتەوە، توێژینەوەی تایبەتی لەسەر چۆنیەتی ئامادەبوون و کارکردن بەم چەمك و زاراوەیە ئەنجام نەدراوە. لە لایەکی دیکەشەوە، گوزارشتە لە جۆرێکی ڕەخنەیی کردەیی کە لە بەرامبەر ڕەخنەی تیۆریدا بەکاردەهێنرێت. هەر بۆیە ئەم بابەتە مژارێکی بەرچاوە و سنوورێکی بەرفراوانی توێژینەوە ڕەخنەییەکان لە خۆی دەگرێت. هەر ئاوڕدانەوەیەك لەم بابەتە، بە سەرکردنەوەی مەودایەکی گرنگی بواری ڕەخنەی ئەدەبییە، کە دەبێتە بەرچاو ڕوونییەك بۆ توێژینەوەی ڕەخنەییەکانی داهاتوو، هەروەها دەروازە بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەکی تازە بۆ چۆنیەتی فێرکردنی پرۆسەی ڕەخنەیی لە ئەدەبی کوردیدا خۆشدەکات.

لەم ڕوانگەیەوە، ئەم توێژینەوەیە، کاری کۆمەڵێك ڕەخنەگری کوردی خستۆتە ناو سنووری کارکردنیەوە، بە تایبەتی ئەو کارە ڕەخنەییانەیان کە بەڕوونی ئاماژەیان بە چەمك و زاراوەی ڕەخنەی پراکتیکی کردووە، یاخود بنەما و ئامانجی ڕەخنەی پراکتیکی لە ناو کارەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە یان جێبەجێانکردووە. گرنگترین ڕەخنەگرانی سنووری ئەم توێژینەوەش ئەمانەن: کامل حەسەن عەزیز بەسیر، بەختیار سەجادی، عەتا قەرەداغی، هاوژین سڵیوە، محەمەد مەحموودی، ڕەئوف عوسمان، کەمال میراودەلی .

ئامانجی ئەم توێژنیەوەیە، هەوڵدانێکە بۆ بەدیارخستنی چۆنیەتی ئامادەبوونی زاراوەی

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٦، ژمارە ٢ (٢٠٢٣)
ڕێککەوتی: وەرگرتن: ١٨ تەمووز ٢٠٢٤، ڕێکەوتی پەسەندکردن: ١٢ ئاب ٢٠٢٤
توێژینەوەی ڕێکخراوە لە ٢٠ ئاب ٢٠٢٤
ئیمەیڵی توێژەر: karzan.ameen@su.edu.krd
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٣ **کارزان کریم أمین، فوئاد ڕشید محمد**، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.٠

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp418-425

رەخنەی پراکتیکی وەك فۆرم و ناونان لە ناو گوتاری رەخنەی ئەدەبی کوردیدا، هەروەها تێگەیشتن و چۆنیەتی مامەڵەکردن و پیادەکردنی لەلایەن بەشێك لە رەخنەگرانی کورد شیدەکاتەوە و هەڵدەسەنگێنێت و جۆری چەمك و مانای زاراوەکە دیاری دەکات. ئەم پرسانە دەکاتە ئامانجی خۆی و هەوڵی وەڵامدانەوەیان دەدات.

لەرووی میتۆدۆلۆژییەوە، توێژینەوەیەکی چۆنایەتییە، سەر بە بواری رەخنەی رەخنەیە، لەسەر بنەمای پێداچوونەوەکی رەخنەییانە و لە چوارچێوەی ئەرك و رۆڵی رەخنەی رەخنەوە کار لەسەر چۆنیەتی ئامادەبوونی زاراوەی رەخنەی پراکتیکی لە گوتاری رەخنەی ئەدەبی کوردی دەکات. لەم گۆشەنیگایەوە، پشت بە تیۆرە رەخنەییەکەی ریچاردز دەبەستێت بۆ رەخنەی پراکتیکی، کە تیۆرێکی رەخنەیی و میتۆدێکی تەکنیکسازییە بۆ چۆنیەتی ئەنجامدانی پرۆسەی رەخنەیی لە سەر بنچینەی گرنگیدان بە پەیوەندی سەربەرخۆی نێوان خوێنەر و دەقی ئەدەبی.

## ٢. رەخنەی پراکتیکی (چەمك، مێژوو، ئامانج، بنەما)

### ١.٢ چەمکی رەخنەی پراکتیکی

چەمکی رەخنەی پراکتیکی، زاراوەیەکی دیار و زەق بواری رەخنەی ئەدەبییە، کە بە شێوەیەکی گشتی، دوو مانای پێدراوە، یاخود دوو پێناسەی بۆ کراوە: پێناسەیەکی گشتی، پێناسەیەکی تایبەتی. هەرچی پێناسە گشتییەکەیە، ئەمە زیاتر مانا رووکەش و بەربڵاوەکەی رەخنەی پراکتیکی دەگرێتەوە، کە بەرامبەر بە رەخنەی تیۆری بەکاردێت، ئەمەش بەمانای ئەنجامدانی پرۆسەی رەخنە؛ بەپشتبەستن بە تیۆرێك یاخود بە مامەڵەکردنی راستەوخۆی رەخنەگر لەگەڵ دەقێك یان چەند دەقێکی دیاریکراودا دێت، بە ئامانجی شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی دەقی ئەدەبی (Baldick, 2002: 203).

ئەوەی پەیوەستە بە مانا و پێناسە تایبەتییەکەیەوە، ئەوا "لە ئەدەبناسیدا، رەخنەی پراکتیکی بەوە دەناسرێتەوە، کە میتۆدێکە لە میانەی خوێندنەوەی دەقی ئەدەبیدا، بە شێوەیەکی سەربەخۆ، کۆسەرنجی دەخاتە سەر خودی دەقی ئەدەبی و لە چوارچێوە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکەی دایدەبڕێنێت (West, 2017:88) . رۆڵی سەرەکی لە دارشتنی ئەم چەمکە بۆ شاعیر و رەخنەگری بەریتانی ئایڤۆر ئارمسترۆنگ ریچاردز(١٨٩٣- ١٩٧٩) دەگەرێتەوە، بنەمای تیۆرەکەی لەسەر ئەوە دارشتووە، کە دەقی ئەدەبی بوونێکی سەربەخۆی هەیە و شیکردنەوەشی تەنها لە سنووری وشە و دەستەواژەکانیەوە دەمێنێتەوە، دوور لەو هەلومەرجەی تێیدا نووسراوە (وهبة، ١٩٧٤: ٤٣٠). ئەمەش واتا رەخنەی پراکتیکی پرۆسەی پێکەوە گرێدانی خوێنەر (رەخنەگر) و دەقی ئەدەبییە، لە سەر بنەمای مامەڵەی نزیك و زیندوو و راستەوخۆی خوێنەر لەگەڵ رەگەز و پێکهاتەکانی ناوەوەی دەقی ئەدەبی.

ئەم پێناسە تایبەتییەی رەخنەی پراکتیکی دوو جەمسەری سەرەکی لە خۆ دەگرێت: یەکەمیان، ئەزموونکردن و تاقیکردنەوەی کردەیی خوێنەر لە میانەی خوێندنەوەیەکی راستەوخۆ و زیندە شیکاریی بۆ دەقی ئەدەبی (Peck & Coyle, 1995: 3). دووەمیان، شیکردنەوە و لێکدانەوەی دەقی ئەدەبی تەنیا لە سەر بنەمای رەگەز و پێکهاتەی ناوەوەی خودی دەقی ئەدەبی (عبدالله، ١٩٨٦: ٥). ئەمەش هاندان و سنووربەندکردنی پرۆسەی رەخنەگرتنە لە چوارچێوەی دەقی ئەدەبی لە میانەی پرۆسەی ماناسازیدا. لێرەشەوە، جۆرێك لە رەخنە بەرهەمدێت، کە تەنیا لە پەیوەندی راستەوخۆ و زیندووی نێوان خودی خوێنەر و دەقی ئەدەبیەوە دروست دەبێت، بە بێ ئەوەی پەنا بۆ فاکتەری دەرەکی ببردرێت.

لەم روانگەیەوە، چەمکە تایبەتییەکەی رەخنەی پراکتیکی کە ئەم توێژینەوە جەختی لەسەر دەکاتەوە، لەوەدا چڕ دەبێتەوە، کە جۆرێکی رەخنەیی تەکنیککاری ناوەکییە، کە لە میانەی شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی دەقی ئەدەبیدا، پشت بە سەرنج و خوێندنەوەی راستەوخۆ و زیندویی خوێنەر بۆ دەقی ئەدەبی دەبەستێت. خوێنەریش لەم پرۆسەیەدا، خۆی رادەست و رایەڵەی مانا و بەهای ئەو وشانە دەکات، کە لە ناو لاپەرەکانی خودی دەقەکان هەیە، هەموو بریارێکی پێشوەختە و پەنابردن بۆ ژیاننامەی دەقنووس، رەهەندی ئایدیۆلۆژی، کۆنتێکستی کۆمەڵایەتی، پاشخانی کولتووری رەتدەکاتەوە. ئەمەش بە مەبەستی خوێندنەوەی ورد و تازە و جیاواز، هەروەها لێکدانەوەی بابەتیانە و بێلایەن و ورد، کە لە خودی دەقەوە هەڵهێنجرابێت.

### ٢.٢ کورتەی مێژووی سەرهەڵدانی رەخنەی پراکتیکی

بە چاوخشاندنەوەیەکی مێژوویی بۆ ئەم مژارە، ئەوە دەردەکەوێت ،کە رەخنەی پراکتیکی بە مانا گشتییەکەی رەگوریشەیەکی کۆنی هەیە، دەکرێت هەر جۆرە مامەڵەیەکی رەخنەیی لەگەڵ هەر دەقێکی ئەدەبی، یاخود تاقیکردنەوەی بۆچوون و تیۆرێك لەسەر دەقدا، لە هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی مێژووی رەخنەی ئەدەبی وەك رەخنەیەکی پراکتیکی هەژمار بکرێت، بەڵام نە خودی زاراوەکە، نە تیۆرێکی تایبەت بە رەخنەی پراکتیکی تا بیستەکانی سەدەی بیستەم نەبووە، هەر بۆیە هەر جۆرە کارکردنێکی رەخنەیی پراکتیکی لە پێش ئەم مێژووەوە راستەوخۆ لەگەڵ مانا گشتییەکەی ئەم زاراوەیە هاوتەرییە.

هەرچەندە دەرکەوتن و بایەخی راستەقینەی ئەم زاراوەیە بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیستەم دەگەرێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، لە ناو سەرچاوەکانی رەخنەی ئەدەبیدا، بۆچوونێك بەدیدەکرێت، کە رەگوریشەی بیرۆکەی گرنگیدان بە فێرکاری چۆنیەتی خوێندنەوە و تێگەیشتن لە دەقی ئەدەبی بۆ قۆناغەکانی پێشووتر دەگەرێننەوە، بە تایبەتی لە ئەدەبی ئینگلیزیدا، کە پێیانوایە مێژوویەکی کۆنتری هەیە. لەم رووەوە، ئاماژە بە رۆڵی زانکۆکانی وەك زانکۆی ئێدینبارا دەدەن، دواتر لە زانکۆ ناودارەکانی لەندەندا، ئەم بابەتە زیاتر ناسێندراوە. ئەمە جگلە لەوەی لە ئەمریکادا، بە تایبەتی لە زانکۆی هارڤارددا، خوێندنەوە و تێگەیشتن لە دەقی ئەدەبی بە مەبەستی فێربوون هەر لە ساڵی ١٨٠٦ ەوە دەخوێندرا (Peck & Coyle, 1995: 3)، بەڵام ئەو هەموو بایەخ و ناساندن و فێرکارییە، لە چوارچێوەی تیۆر و میتۆدێکی روون و قووڵدا شێوەگیر نەکرابوون، زیاتر لە بازنەی گرنگیدانی رووکەش و سەرەتایی بۆ خوێندنەوەی دەقی ئەدەبی دەخولانەوە.

مێژووی سەرهەڵدانی رەخنەی پراکتیکی بە مانا تایبەتییەکەی وەك تیۆرێکی رەخنەیی لە زانکۆی کامبریجەوە دەست پێدەکات، بە تایبەتی و دیاریکراوی کارەکانی

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp418-425

ئ. ا. ریچاردز وەک مامۆستایەک لە زانکۆکە، کە پێداگری لەسەر بایەخدان بە وەڵام و هەڵوێستی ڕاستەوخۆی قوتابی(خوێنەر) لە بارەی دەقی نائاشنا و نەناسراو دەکرد، ڕۆڵی سەرەکی لە چەسپاندنی زاراوەکە و پێشکەشکردنی تیۆرێکی ڕەخنەیی لەم بارەیەوە بینی، بە تایبەتی لە کتێبەکەی بە ناونیشانی "ڕەخنەی پراکتیکی: لێکۆڵینەوەیەک لە بارەی بڕیاردانی ڕەخنەیی"، کە لەساڵی ١٩٢٩دا بڵاوی کردەوە، هەروەها لە پێشتریشدا، کتێبێکی دیکەی بە ناونیشانی "بنەماکانی ڕەخنەی ئەدەبی"، لە ساڵی ١٩٢٤ دا بڵاو کردبوویەوە ( North, 2013, 142-143,146; West, 2017: 90-91). ئەم دوو کتێبە، بە تایبەتی ئەوەی یەکەمیان، ڕێگایەکی تازە بوو بۆ ئەوەی کە پرۆسەی ڕەخنەگرتن لە هزری قوتابییەکانی، لە پرۆسەیەکی بڕیاردانی پێشوەختە و پشتبەستن بە هۆکاری دەرەوەی دەق بۆ پرۆسەی کارکردنی زیندوو لەگەڵ دەقی ئەدەبی، بە تەوەرکردنی وەڵامی ڕاستەوخۆی خوێنەر لە بارەی دەقی نەناسراو و ناباو بگۆڕێت (Bredin, 1986: 26-27). لەم قۆناغەوە، بە چەقکردنی ڕەخنەی پراکتیکی بەم دیدگا و تێگەیشتنەوە، وەک بناغەیەکی تیۆری ڕەخنەیی چەسپا، دابڕاندنی دەق لە هۆکارە دەرەکییەکان بوو بە نەریتێکی ڕەخنەیی و وە ک میتۆد و تەکنیکێک بۆ فێرکردنی پرۆسەی ڕەخنەگرتن لە ئەدەبی ئینگلیزی ناسرا، ئەمە وێڕای ئەوەی لە لایەن هەندێک لە ڕەخنەگرانی وەک ف. ر. لیڤیس و ویلیام ئیمپسۆن زیاتر گەشەی بە خۆیەوە بینی (Hartman,1979 :٤٩٥-٤٩٦).

لە پاڵ ئەوانەی باسکران، هەندێک لەسەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، لە ڕەخنەی ئەدەبی ئینگلیزیدا، ئەنجامدانی پرۆسەیەکی ڕەخنەیی کە لە سەر بنەمای شیکردنەوەی خودی دەقە ئەدەبییەکەوە دەست پێ بکات، مێژوو و سەرەتایەکی کۆنتری هەیە. پێشتریش"نەریتێکی درێژخایەنی ڕەخنەی کارپێکراوی لەم چەشنە لەبەریتانیادا هەبووە. لە وتارە ئەدەبییەکانی درایدن، "ژیانی شاعیرە ئینگلیزەکان"ی دکتۆر جۆنسۆن(١٧٧٩- ٨١)، وتارەکانی کۆلێریج لەبارەی شکسپیر و سەرنجەکانی لەسەر شیعری وۆردسوۆرس لە کتێبی "ژیاننامەی ئەدەب" (١٨١٧)، هەورەها "وتارەکان لەبارەی ڕەخنەوە" لە نووسینی ماتیۆ ئارنۆلد لە ساڵی ١٨٦٥ بەدواوە ڕەگوڕیشەکەی چەکەرەی کردووە، ئینجا لە کارەکانی ڕەخنەگرانی ڕەخنەی نوێ، لە ساڵی ١٩٣٠ بەدواوە زیاتر گەشەی کرد، کە هەموو جۆرە لێکۆڵینەوەیەکی ڕەهەندی مێژوویی، ئاکاری، یان هەر مەبەستێکی دەرەوەی دەقی ئەدەبیان ڕەتدەکردەوە ...، ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لە کتێبی "ڕەخنەی نوێ" (١٩٤١) ی جۆن کرۆ ڕانسۆم بە ڕوونی کاری لەسەر کراوە. لەو سەردەمەوە تا سەرەتای شەستەکانی سەدەی بیستەم لە ناو میتۆدەکانی ڕەخنەی نوێ هەم لە بەریتانیادا، هەم لە ئەمریکادا، بیری زاڵی ناو ڕەخنەگران بوو"(Peck & Coyle,1995: 5). لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، بۆچوونەکانی ریچاردز لە دووروووەوە بایەخ و بەهای خۆیان هەبوو. هەم لە بارەی ڕەخنەی پراکتیکییەوە بە دەسپێک و سەرەتای بە تیۆریکردنی چەمکەکە بوون، هەم بە یەکێک لە ژێدەر و بنەماکانی ڕەخنەی نوێ دادەنرێت، کە تاکو ئەمرۆش ئەم میتۆد و بیرکردنەوەیە لە دونیای ڕەخنەی ئەدەبیدا، باوە و برەوی خۆی هەیە.

## ٣.٢ ئامانج و بنەماکانی ڕەخنەی پراکتیکی

بە شێوەیەکی گشتی ڕەخنەی پراکتیکی لە چوارچێوەی چەمک و مانا گشتییەکەیدا، زیاتر دوو ڕۆڵ و ئامانجی سەرەکی هەیە، یەکێکیان بە مەبەستی ڕاهێنان و فێرکردنی چۆنیەتی ئەنجامدانی پرۆسەی ڕەخنەگرتن و مامەڵەکردن لەگەڵ دەقی ئەدەبیدا، ئەوی دیکەیان، بۆ مەبەستی توێژینەوە لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا، بەڵام ریچاردز (١٩٣٠) لە سنووری دید و تێگەیشتنە تایبەتەکەی خۆیدا ، سێ ئامانجی سەرەکی بۆ ڕەخنەی پراکتیکی دیاریکردووە، کە بە هۆکار و ئامانجی نووسینی کتێبەکەی لەبارەی ڕەخنەی پراکتیکی دەزانێت، سێ ئامانجە سەرکییەکانیش ئەمانەن:

أ- خوێندنەوەسازی نوێ: تیۆرەکەی بە پێشکەشکردنی ڕێبازێکی تازە دەزانێت بۆ خوێندنەوە و تۆمارکردن و تێگەشتن لە "دۆخی ئێستای کولتوور" لە بارەی خوێنەر و خوێندنەوە، بە بێ گوێدانە بڕیاری پێشوەختە و خوێندنەوە باوەکانی پێشوو لەبارەی دەقی ئەدەبییەوە. ئەم خوێندنەوەسازییە، بە جەمسەریکردنی ئەزموون و کاردانەوەی ڕاسەوخۆی خوێنەر بۆ دەقی ئەدەبی.

ب- تەکنیکسازی نوێ: ویستی ریچاردز ئەوەبوو، کە توانای تاکەکەسی خوێنەر لە ئاست دەقەکاندا تاقی بکاتەوە، بەمەش دید و خوێندنەوەی نوێ بۆ دەقەکان بەرهەم دێت، کە خوێنەر بە جۆرێک لە سەربەخۆی شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن بۆ دەقی نەناسراو و ناباو دەکات. ئەم پرۆسەیەش ستراتیژ و کارنامەیەکی تایبەت بوو لە ڕێگەی بەستنەوەی ڕاستەوخۆ و سەربەخۆی نێوان خوێنەر و دەق. ئەمەش پێچەوانەی تەکنیکە باوەکانی سەردەمەکە بوو.

ت- کارامەییسازی فێرکردن: یەکێکی دیکە لە ئامانجەکانی ریچاردز ئەوەبوو، کە لە ڕێگەی ئەم تیۆر و تەکنیکسازییە، ڕێگەیەکی فێرکردنی کاریگەر بۆ بەهێزکردن و بەرزکردنەوەی کارامەیی و توانای فێرکردنی پرۆسەی خوێندنەوە و تێگەیشتن لە دەقی ئەدەبی بونیات دەنێت (Richards, 1930: 3-12).

کۆی هەر سێ ئامانجەکە، پاتکردنەوەی دەستەبەرکردنی تیۆر و تەکنیکی نوێ بوو، کە ئەمەش بە دانانی میتۆدێکی ڕەخنەیی کە پشت بە توانای کەسیی سەربەخۆی خوێنەر (ڕەخنەگر) دەبەستێت. خستنەڕووی نەریتێکی خاوەن ستراتیژی تازە بوو، کە چەقبەستوویی و پاتکردنەوەی خوێندنەوە و ئەزموونە دووبارەکانی ڕەتدەکردەوە. هەموو ئەم ئامانجانە ڕاستەوخۆ ڕەنگرێژکردنی ڕووبەری پرۆسەی ڕەخنەگرتنە لە ڕێگەی تەکنیکی تازە، بۆ دۆزینەوەی کارامەییەکانی خودی خوێنەر، پێشکەشکردن و هەڵهێنجانی مانای تازە و جیاواز بۆ دەق. ئەمەشە لەدیدی ریچاردزەوە، جەوهەری ئامانجە سەرەکییەکانی ڕەخنەی پراکتیکی بوو.

لە ڕوانگەی ئەم ئامانجانە و هاوشان لەگەڵیدا، ڕەخنەی پراکتیکی کۆمەڵێک بنەما و بنچینەی ڕەخنەیی هەن، کە ریچاردز چوارچێوەی تیۆرە ڕەخنەییەکەی پێداڕشتووە، هەر بنەمایەک لەم بنەمایانە پەیوەندی بە ئەوەی دیکەیانەوە هەیە، هەر بۆیە، باسکردنی هەر یەکێکیان گرێدراوی باسکردنی ئەوەی دیکەیانە، بەڵام دەکرێت گرنگترین بنەماکانی ڕەخنەی پراکتیکی بە مانا و چەمکە تایبەتییەکەی، لەم خاڵانەی خوارەوەدا چڕ بکرێنەوە:

١-سەرنجدان لە مانای گشتی دەق: لە سۆنگەی بەدیهێنانی تێگەیشتنێکی ورد و

قووڵ بۆ دەقی ئەدەبی، پێویستە ڕەچاوی چوار جۆر لە مانا بکرێت تاکو مانا ئاساییەکانی وشەکانی ناو دەق تێپەڕێنێت و مانای گشتی و هەمەلایەنەی دەقی ئەدەبی دیاری بکات. یەکەمیان، واتا ( واتادارێتی ناو زمانی- Sense)، ئەمە ئاماژەیە بۆ بیرۆکە و ناوەرۆکەی کە ڕاستەوخۆ مانای ڕاستەقینەی وشەکانی دەق دەردەخات. دووەمیان هەست (Feeling)، کە ئەمەیان دەرخەری هەڵوێست و باری سۆزی دەروونی دەقنووس بەرامبەر بە ئەو بابەتەی کە باسی دەکات و کاریگەریش لەسەر خوێنەر دروست دەکات. سێیەمیان ئاوازە (Tone)یە، کە چۆنیەتی ڕێکخستن و داڕشتن و شێوازی هەڵبژاردنی وشەکان لە گەیاندنی مانای دەقە ئەدەبییەکان بە خوێنەر. چوارەمیشیان مەبەست (نیاز- Intention) دەگرێتەوە، ئەمەیان مەبەست و نیازی پشت نووسینی دەقەکە لە خۆدەگرێت، کە نووسەر پەیامەکەی تێدا ئاراستەی خوێنەر دەکات (Richards, 1930: 179-188). ئەمانەش هەر هەموویان بەیەکەوە مانای گشتی دەق پێکدەهێنن. لێرەوە، خوێنەر مانایەك بە دەق دەدات، کە لە ڕێگەی بەیەکەوە گرێدان و ڕایەڵەی کۆمەڵێك مانای ئۆرگانی بە مانا گشتییەکەوە دروست دەبن.

٢-ئەزموونکاری و خوێندنەوەی نزیك: ڕەخنەی پراکتیکی بەبایەخی بەرچاو بە ئەزموونیکارلێکی ڕاستەوخۆ و نزیکی نێوان خوێنەر و دەق دەدات. بە مەبەستی ئاگاداری لە ڕەگەز و پێکهاتە و وردەکارییە قووڵەکانی دەقی ئەدەبی. ئەمەش بە کۆکۆدنەوە و شیکردنەوەی وەڵام و هەڵوێست و کاردانەوەکانی خوێنەر لەبەرامبەر دەقەکاندا، دوور لە هەموو هۆکارێکی دەرەکی و هەڵسەنگاندنێکی پێشوەختەی سواو دروست دەبێت (Richards, 1930: 3, 203, 225-235). ئەم کاردانەوە و هەڵوێستانەی خوێنەر لە بەرامبەر دەقدا، خوێندنەوەیەکی سروشتی و تێگەیشتنێکی تایبەت بە بەها ئیستاتیکی و هزرییەکانی ناو دەقەکە دەدات.

٣-سەربەخۆیی دەق و بە تەوەرکردنی خوێنەر: ئەم جۆرە ڕەخنەییە، پاشخانی دەقنووس، هۆکارەکانی دەرەوەی دەق لە میانەی شیکردنەوەی دەقدا فەرامۆش دەکات، کە میتۆدە نەریتییەکانی پێشوو جەختیان لێدەکردەوە، بەڵکو وەك ڕەفتار و هەڵسوکەوتێکی سەربەخۆی مرۆڤ مامەڵە لەگەڵ دەقدا دەکات، هەروەکو ڕیچاردز ڕەخنەی لەو مێژووەی ڕەخنەی ئەدەبی دەگرێت، کە لەچوارچێوەی جوینەوەی مانا و نرخاندنە جێگیر و نەگۆڕەکان خۆی پاتدەکاتەوە، لەم ڕووەوە دەنووسێت: "مێژووی ڕەخنە. . . مێژوویەکی دۆگماتیزم و مشتومڕئامێزە، نەك مێژووی ڕاستەقینەی لێکۆڵینەوە. وانەی سەرەکی کە لەم جۆرە توێژینەوانە فێری دەبین، ئەوەیە کە پووچی و بێهوودەیی ئەو هەموو ئارگومێنت و مشتومڕانەیە کە بەر لە تێگەیشتنەوە هەن. ئێمە ناتوانین سوود لە دژایەتیکردنی هیچ بۆچوونێك وەربگرین، تا ئەو کاتەی ئەوە نەدۆزینەوە کە ئەم بۆچوونەی ناو دەق گوزارشت لە چی دەکات و باسی چی دەکات"(Richards, 1930: 8). لەم دیدەوە، ڕەخنەی پراکتیکی کۆی سەرنجی لەسەر هەست و کاردانەوەی خوێنەرە بۆ دەقی ئەدەبی نەناسراو و نادیار. ئەزموونی ڕاستەوخۆی خوێنەری جیاواز دەکات بە بنەمایەك بۆ تێگەیشتنی ورد و قووڵ و تازە بۆ دەقی ئەدەبی.

٤-فرە لێکدانەوەیی دەق: لە دیدی ڕیچاردزەوە ، تەنیا تاکە لێکدنەوەیەکی دیاریکراو بۆ دەق نییە، بەڵکو بە پشکنینی خودی پێکهاتە و وشە و دەربڕینەکانی سەر ڕووپەڕی دەقی ئەدەبی، لە ڕێگەی کارلێکی زیندوو و ڕاستەوخۆی خوێنەر لەگەڵ وشە و گوزارشتەکانی ناو دەق، خوێندنەوەی و لێکدانەوەی جیاواز بەرهەم دێت (Richards, 1930: 156, 242, 250-253, 336) . ئەمەش ئەرکێکی ڕاستەقینەی ڕەخنەی پراکتیکییە.

٥-بەهێزکردنی پاڵنەرەکانی فێرکاری: بنەمایەکی سەرەکی و گرنگی ڕەخنەی پراکتیکی، بەهێزکردنی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و بە جەمسەریکردنی کاردانەوە و وەڵامی خوێنەر (قوتابی)یانە، لە میانەی فێربوونی چۆنیەتی شیکردنەوەی و هەڵسەنگاندنی دەقی ئەدەبی. هەر لەم ڕوانگەیەوە، ڕیچاردز لەو باوەڕەدا بوو، کە قوتابی دەتوانێت بە شێوەیەکی سادە فێری تەکنیکی خوێندنەوە و شیکردنەوەی دەق بێت، ئەمەش بە شیکردنەوەی "وشەکانی سەر لاپەڕەکان". ئەم ڕێگەیە ڕەخنەی لە پرۆسەیەکی ئاڵۆز و ئەستەم بۆ شیکارێکی وریایانە لەبارەی دەقی ئەدەبییەوە دەگۆڕێت (Barry,2009: 15). هەر بۆیە ئەو لەم ئەزموونەدا چەند شیعرێکی بێ ناوی خاوەنەکانی دەخستە بەردەست قوتابییەکانی، هەتا سەرنج و بۆچوونی خۆیان لەسەریان دەربڕن. (عبدالحمید، ٢٠٠١: ٢٦٧). لەم دیدگایەوە، بڕەوی بە توانای تێگەیشتن و شرۆڤەکردن و چاندنی بیرۆکەی ڕەخنەگرانە لە مێشکی قوتابییەکانی دەدا. هەموو کاردانەوەیەکی ئەوان لە بەرامبەر دەق وەك خوێندنەوەیەکی ڕەسەن و ڕاستەقینەی هەڵهێنجراو لە خودی پاڵنەرەکانی دەروونی قوتابیەکانەوە تەماشادەکرد. بەمەش ڕەخنەی پراکتیکی ڕۆڵی فێرکارییانە لە پرۆسەی فێرکردن و گەشەکردنی توانای بیرکردنەوەی قوتابیان دەگێڕا، کە ئەو جەختی لەسەر دەکردەوە.

وێڕای هەموو ئەمانە، میتۆدە تەکنیکارییەکەی ڕیچاردز، هەنگاوێکی دەسپێکی ڕەخنەیەکی ئەزموونکاری ڕەفتاریی بوو، بە مەبەستی دۆزینەوەی توانای تێگەیشتن و شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی ڕاستەقینەی خوێنەر، لە کاتێکدا دەقە ئەدەبییەکان ڕووبەڕوویان دەبنەوە. ئەم میتۆدە ڕێچکەیەکی دەسپێك و سەرەتایی بوو، بۆ بەیەکبەستنەوەی ئەزموونە کەسی و بەها ئیستاتیکییەکانی دەقی ئەدەبی بە پشت بستن بە تێگەیشتنی خوێنەر و خودی دەقی ئەدەبی، دوور لە وەڵام و بۆچوونی پێشوەختەی سواو و باو، بەدەر لە سەپاندنی کۆنتێکستە ئایدیۆلۆژی و مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکانی دەرەوەی دەقی ئەدەبی. ئەمەش بناغەیەکی سەرەکی ڕەخنەی نوێ بوو.

### ٣- ڕەخنەی پراکتیکی لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا

هەرچەندە لە ڕووی کردەیی و کەرەسەوە، پانتاییەکی فراوانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی لە چوارچێوەی چەمك و مانا گشتییەکەی ڕەخنەی پراکتیکی بەرزەفت بووە، ستراتیژ و ڕووبەری بەشێکی زۆر کارە ڕەخنەییەکانی ئەدەبی کوردی، بە تایبەتی ڕەخنەی ئەکادیمی، بۆ ڕەخنەی پراکتیکی تەرخان کراوە، بەڵام لە ڕووی تیۆری و میتۆدلۆژییەوە و زاراوەسازییەوە، دووچاری هەندێك ئاریشە و گرفت بۆتەوە. ئەم کێشانەش بەشێکیان پەیوەندی بە چۆنیەتی داڕشتن و سازکردنی زاراوەکەوە هەیە، بەشێکی دیکەیان، پەیوەندی بە چۆنیەتی ناساندن و تێگەیشتن لە زاراوەکە هەیە. لە هەندێك باریشدا، پەیوەندییان بە چۆنیەتی بەکارهێنان و جێبەجێکردن و بەتیۆریکردنی ڕەخنەی پراکتیکیەوە هەیە.

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp418-425

هەر زاراوەیەک لە بوارێک لە بوارەکاندا، مانایەکی تایبەت دەگەیەنێت و هەر ئەم تایبەتمەندییەش وادەکات کە بە پێی جیاوازی بوارەکان، هەندێ جار مانای جیاوازی لێبکەوێتەوە. کەواتەی هەر زاراوەیەك ناونانێکی زانستی و مەعرفییە، لە بارەی چەمکێك کە خاوەن مانا و ناساندنی خۆیەتی. هەر ئەمەشە ئەرك و ئاتاج و شێوازی کارکردن بەم زاراوەیە دیاری دەکات.

لە ڕوانگەی ئەم بۆچوونەی کە لە سەرەوە ئاماژە بۆ کرا، بە ئاوڕدانەوە بۆ سەرچاوە بنەڕەتییەکان و فەرهەنگی زاراوەکانی ڕەخنەی ئەدەبی هەروەکو پێشتر باسکرا، چەمکی ڕەخنەی پراکتیکی مانایەکی تایبەت و دیاریکراوی هەیە، کە ئاماژەیە بۆ ئەو جۆرە نووسین و لێکۆڵینەوە ڕەخنەییانە کە تێیدا ڕەخنەگر تەنیا کاری لەسەر جیهانی ناوەوەی دەق – پێکهاتە زمانییەکەی – دەکات. ئەمەش مانا تایبەتییەکەی ڕەخنەی پراکتیکیە، کە لەسەرچاوە ڕەخنەییە بنەڕەتیی و ڕەخنەی ئەدەبی جیهانیدا، ئاماژەی بۆ کراوە. هەر بۆیە، کاتێک لە توێژینەوەیەکی ئەکادیمیدا و لەچوارچێوەی ئاماژەدان بە ناسنامەی میتۆدبەندییانەی توێژینەوەکە، چەمکی (ڕەخنەی پراکتیکی) بەکاربهێنرێت، ئەوا ڕاستەوخۆ ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە توێژینەوەکە تەنیا گرنگی بە بنیاتی زمان و هونەرییانەی ناوەوەی دەق دەدات.

بە شێوەیەکی گشتی، زاراوەی ڕەخنەی پراکتیکی لەڕووی تیۆری و کردەییەوە ئامادەبوونی خۆی لەنێو گوتاری ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا هەبووە، ئەم ئامادەبوونەش پێویستی بە لێکۆڵینەوەیە، تاوەکو چۆنیەتی و بەکارهێنان و تێگەیشتنی ڕەخنەگرانی کوردمان بۆ دەربکەوێت. هەر بۆیە ئەم توێژینەوەیە، لە تەوەرەکانی داهاتوودا، ستراتیژی کارکردنی لەسەر ئەم بنەمایە دارشتووە.

### ٣ . ١دەرکەوتەکانی زاراوەی ڕەخنەی پراکتیکی لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا

بە پێداچوونەوەیەکی ورد و قووڵ بۆ ناو بەشێك لە سەرچاوە دیار و تایبەتەکانی بواری ڕەخنەی ئەدەبی ، بە تایبەتی ئەو توێژینەوانەی ، کە کارییان لەسەر ئەم زاراوەیە کردووە، ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە ڕەخنەگرانی کورد لەبەرامبەر زاراوەی ( النقد التطبيقي – Practical Criticism) لەڕووی زمانەوە وشە و دەربڕینی جیاوازیان بەکارهێناوە، وەک لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

- کامل بەسیر لە کتێبی "ڕەخنەسازی مێژوو و پەیڕەوی کردن"، زاراوەی "پەیڕەوی کردن"ی بەکارهێناوە(البصير ، ١٩٨٣، ١٤١، ١٤٣).

- بەختیار سەجادی و محەمەد مەحموودی، لە بەرامبەر ( Practical Criticism) دا، هەردوو فۆرمی "ڕەخنەی کردەیی"، "ڕەخنەی پراکتیکی" یان نووسیوە ( سەجادی، مەحموودی، ٢٠٠٢: ٦٦).

- رەئوف عوسمان، زاراوەی "ڕەخنەی تەتبیقی" ی بەکارهێناوە( عوسمان،٢٠١١: ٨١، ٨٣).

- هاوژین سڵیوە، فۆرمی "ڕەخنەی پراکتیکی" وەك زاراوە بەکارهێناوە ( سڵیوە، ٢٠١٩: ٣).

- هەڤاڵ ئەبوبەکر حسێن، بێ ئەوەی ڕاستەوخۆ ئاماژە بە زاراوەی ڕەخنەی پراکتیکی بکات، بەڵام بۆ هەمان مەبەست زاراوەی "ئەدەبیاتناسی کارەکی" بەکارهێناوە (حسێن، ٢٠٢٢: ٥).

- بەختیار سەجادی لە کتێبێکی دیکەیدابەناوی "فەرهەنگی زاراوەی ڕەخنەیی" زاراوەکانی "ڕەخنەی کارەکی"، "ڕەخنەی کرداری"، "ڕەخنەی کردارەکی" بەکارهێناوە (سەجادی، ٢٠٢٢: ٣٦٢).

- کەمال میراودەلی لە کتێبی "شیعرناسیی بە شیعر "دا، زاراوەی "ڕەخنەی پراکتیکی" بەکارهێناوە (میراودەلی، ٢٠٢١: ١٥٧).

جێگەی سەرنجە، ڕەخنەگرانی کورد لەڕووی زمان و دەربڕینەوە، لە بەکارهێنانی فۆرم و ناونانێك بۆ زاراوەی ( النقد التطبيقي – Practical Criticism) یەکڕا نین، یەك فۆرمی بەکگرتوویان بۆ ئەم بابەتە ساز نەکردووە،هەرچەندە ئەمە لەڕوویێکەوە پەیوەندی بە کێشەی زاراوە و وەرگێڕانی زاراوەکە لە زمانانی بێگانەوە هەیە، بەڵام لە ڕوویێکی دیکەوە، بە وردیی و قووڵیی هۆکاری ئەم ناونانە جیاوازانەیان روون نەکردۆتەوە، شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن و ناساندنێکی تایبەتیان بۆ چۆنیەتی ناساندن و ماناسازی بۆ ئەم زاراوەیە نەکردووە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، ئەمرۆ زیاتر هەر "ڕەخنەی پراکتیکی" وەك فۆرم و دەرکەوتەیەکی نیمچە چەسپاو بەکاردەهێنرێت، ئەمە لەڕووی زمان و دەربڕینەوە، ئەی لەڕووی تێگەیشتن و جێبەجێکردنی ئەم زاراوەیەوە، ڕەخنەگرانی کورد چۆن مامەڵەیان لەگەڵ ئەم زاراوەیە کردووە؟

### ٢ . ٣ پیادەکردنی ڕەخنەی پراکتیکی لە گوتاری ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا

وێڕای کێشەی فۆرم و ناونانی زاراوەی ڕەخنەی پراکیتکی، ئاریشەیەکی دیکە هەیە، کە پەیوەندی بە جێبەجێکردن و پیادەکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ چەمکی ئەم زاراوەیە لە پرۆسەی پراکتیزەکردندا هەیە. لەم گۆشەنیگایەوە، چۆنیەتی مامەڵەکردنی ڕەخنەگرانی کورد لەگەڵ زاراوەی ڕەخنەی پراکتیکی زیاتر لەڕێگەی ئەو لێکۆڵینەوانەوە دەردەکەوێت، کە بەشێوەی کردەیی بەناوی ئەم زاراوەیەوە ئەنجامیانداوە.

کامل حەسەن بەسیر لە کتێبی "ڕەخنەسازی، مێژوو و پەیڕەوکردن"دا، زاراوەی (ڕەخنەسازی پەیڕەوکردن)ی بۆ (النقد التطبيقي) ی بەکارهێناوە، هەروەکو لە برگەیەکی پوختەی لێکۆڵینەوەکانی بە زمانی عەرەبی ئەمە زیاتر زەق و روونتر دەبێتەوە، کە دەنووسێت "فجاء الباب الثاني من هذا الكتاب الذي عنوانه (النقد التطبيقي) ليجد هذا الحديث النظري منتهج ملموسة تتضح أسسها في الميدان التطبيقي و التحليلي..."(البصير، ١٩٨٣: ٢١١). ئەمەش لە ڕوانگەی تێگەیشتن و دەربڕینەکانی کامیل حەسەن بەسیرەوە بەو مانایە دێت، کە بەشی دووەمی کتێبەکە، بە ناویشانی(ڕەخنەسازی پەیڕەوکردن)، باسێکی تیۆرییە، بناغەکانی لە بواری پەیڕەوکردن و شیکاریدا ڕوون دەبێتەوە.

هەر لەم چەند دێرەی سەرەوەوە، ئەوەش ڕووندەبێتەوە، ناوبراو "ڕەحنەسازی پەیڕەوکردن"ی لە بەرامبەر لایەنی تیۆری داناوە و هیچ ئاماژەیەك بە تێگەیشتنە ڕێچاردزییەکە دەربارەی چەمکی ڕەخنەی پراکتیکی ناکات، بەڵام لە رووی کارکردنی ڕەخنەییەوە، سوودی لە بۆچوونەکەی ڕیچاردز وەرگرتووە و لە شیکردنەوەکانییدا پتر گرنگیی بە خودی وشەکانی ناو دەقەکان داوە، بۆیە لە سەرەتای شیکردنەوەی

شیعری (ناڵەی بێکار) ی گۆراندا دەڵێت "ڕێبازی شیکردنەوەی تێکستی ئەم هەڵبەستە بە پێوانەی ووشە و واتا لەبەر تیشکی بنەواشە باسکراوەکانیدا سەرنج بۆ ئەوە ڕادەکێشێ کە ووشەی (ماندوونەبوونی) واژەیەکی قورس و گرانە. هەستیار دەیتوانی ماناکەی بە ووشەیەکی سوك و بەبێ ئلمرازی نەرێ دەبرێ..."(البصیر، ١٩٨٣: ١٤٨). لەم ڕوانگەیەوە، لە میانەی شیکردنەوەی ئەم دەقەدا، سەرنجی ڕەخنەییانەی ئەرێنی و نەرێنی خۆی لە بەرامبەر چەند وشە و دەستەواژەیەکی شیعرەکە دەردەبڕێت.

جێی سەرنجە، کامیل حەسەن بەسیر" لە شیکارییە ڕەخنەییەکەیدا، تەنیا سنووری وشە و دەستەواژەکانەوە نەماوەتەوە، بەڵکو شیکارییە وشەبەندییەکەی بە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ناو دەقەکەوە گرێداوە، چونکە هەروەکو خۆی ئاماژەی پێداوە، دەڵێت" ڕێبازی شیکردنەوەی تێکستی وێژەیی بە پێوانەی ڕوخسار و ناوەرۆك دوبارە ڕەگەزەکانی ئەم دوولایەنەی هەڵبەستەکە یەکالا دەکاتەوە و دەربارەی هەر ڕەگەزێك کۆمەڵە تێبینییەك دەچەسپێ" (البصیر،١٩٨٣: ١٥٠).

لەم سۆنگەیەوە، دەکرێت بڵێین کامیل حەسەن بەسیر هۆشمەندی ڕەخنەیی ئەوەی هەبووە، کە زاراوەی ڕەخنەی پراکتیکی بە گشتی گرنگیی بە زمانی دەق دەدات، ناچێتە سەر ناوەرۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەق و دەقنووسەوە، بەڵام بە پێی دید و بیرکردنەوەی خۆی ڕەخنەی ئەدەبی پەیڕەوکردووە. بە دەربڕینێکی دیکە، چەمك و پرۆسەی ڕەخنەگرتنی لە چوارچێوەی چەمك و مانا ڕیچاردزییەکەی ڕەخنەی پراکتیکی بەزاندووە، کە تەنیا لە ڕوانگەی خودی دەقی ئەدەبی و پشتکردن لە هۆکارە دەرەکییەکان کاری ڕەخنەیی ئەنجام دەدات.

ڕەئوف عوسمان لە کتێبی "ئاسۆیەک بۆ ڕەخنەی ئەدەبی"دا، لێکۆڵینەوەیەکی ئەنجامداوە، بەناونیشانی ( چامەی شەوێکی تر لە ئاسۆی ڕەخنەی تەتبیقی دا) شیکاری بۆ دەقی (شەوێکی تر )ی (حەسیب قەرەداغی) کردووە و تێیدا گوتوویەتی"ڕەخنەیەکی تەتبیقی فەراهەم دەهێنم، هیوادارم خوێنەر داوای ڕەخنەی تەفسیریم لێ نەکات"(عوسمان، ٢٠١١: ٨٧). ئەم دەربڕینە نیشانەی هۆشمەندیی ڕەخنەیی ڕەخنەگرە لە ئاست زاراوەی(ڕەخنەی تەتبیقی)، بەو مانایەی درکی بەوە کردووە، کە پرۆسەی ڕەخنەیی لەبەر ڕۆشنایی ئەم زاراوەیە کارێکی شیکاری وەسفییە، پابەندی ئیستاتیکای ناوەوەی دەقە. ئەمەش لە پێکهاتەی زمان و ئەدگارە زمانەکەیدایە. هەر بە دەربڕینی ڕەئوف عوسمان خۆی تەنیا پشت بە خودی دەق دەبەستێت و دەنووسێت" لە نێو جەرگەی خودی هۆنراوەکەوە سەرنجەکانم لە دایك دەبن و ڕەخنەیەکی تەتبیقی فەراهەم دەهێنم" (عوسمان، ٢٠١١: ٨٧).

ڕەخنەگر لە لاپەڕە (٨٧ تا ٩٩)، لە سنووری ناوەوەی دەق سەرنجە ڕەخنەییەکانی خۆی دەربڕیوە، بۆ نموونە سەرەتا کۆمەڵێك دەنگی ناو دەقی شیعرەکە دیاری دەکات: ١- شاعیر، دەنگی دووەم (هاودەردەکەم)، دەنگی سێیەم (پیری موغان)، دەنگی چوارەم (شەم)....هتد (عوسمان، ٢٠١١: ٨٩ -٩١).

ئەو هەر لە چوارچێوەی ناوەوەی دەق دەمێنێتەوە، ئاماژە بە ئەدگارێکی شێوازی شیعرەکە دەکات، دەڵێت"... لەم هۆنراوەیەدا هەڵاوێردنی گیانی خیتابییەت دەنگ سازی ووشك دوانی ڕاستەوخۆیە لەگەڵ مێشك و زەین دا" (عوسمان، ٢٠١١: ٩٣). دواتر ڕەخنەگر لە میانەی شیکردنەوەی دێڕە شیعرێکی چلەی (شەوێکی تر) باسی نامۆبوون دەهێنێتە ناو لێکۆڵینەوە ڕەخنەییەکەیەوە و چەند بابەتێکی فەلسەفی و سیاسی کۆمەڵایەتی تێکەڵی شیکارییە ڕەخنەییەکەی دەکات، بۆ نموونە پێناسەی جۆرەکانی نامۆبوون و لێکدانەوە بۆ هۆی سەرهەڵدانیشی دەکات (عوسمان، ٢٠١١: ١٠٠ - ١٠٢).

ئەگەرچی ئەم جۆرە باسکردن و شرۆڤەکردنەی ڕەخنەگر، جۆرە دوورکەوتنەوە و دابڕانێکە لە مانا و مەبەستی ڕەخنەی پراکتیکی، بەڵام ڕەخنەگر دید و تێڕوانینی خۆی بۆ پرۆسەی ڕەخنەی ئەدەبی هەیە، دەبێژێت " لە ڕاستیدا ڕەخنەگر، هەر کەسێ بێت، بەر لە هەر شت خاوەنی بیر و ڕا و ئایدولۆجیا و بۆچوون و کەسیەتی خۆیەتی و دەبێت ئەو گەنجینە توانا و بەهرەیەی سنوور دانێت بۆ بابەتە ڕەخنە لێگیراوەکە و لەو ڕێگایەوە دەروازەی داهێنانی نوێ تر بخاتە سەر گازی پشت و کەسیەتی خۆی لە کێڵگەی داهێناندا بسەلمێنێ" (عوسمان، ٢٠١١: ٨٧). ئەو دەبەوێت پێمان بڵێت، ناکرێت کاری ڕەخنەگر هەر هێندە بێت، کە تەنیا سەرقاڵی ناوەوەی دەق بێت و خۆی بکاتە پاشکۆی ڕێبازێکی ڕەخنەیی دیاریکراو.

هاوژین سلێوە لە کتێبی "ڕەخنەی پراکتیکی"( ٢٠١٩ ) دا، چەند وتار و لێکۆڵینەوەیەکی نووسیوە، بۆنموونە، لێکدانەوەی ڕۆمانی بۆرە (ل٥٩) ، ڕاڤەی دیوانی (زایەڵەی عەشق)ی بورهان بەرزنجی (ل٦٩)، لێکدانەوەی دەقی شیعری (ڕوبارانە) بەپێی میتۆدی بونیادگەری (ل ٧٧). لە کۆی خوێندنەوە و شیکردنەوەی ئەم دەقانە، ئەوە بەدیاردەکەوێت کە هاوژین سلێوە چەمکی ڕەخنەی پراکتیکی بە مانا گشتییەکەی بەکارهێناوە، واتا هەر بە مانای جێبەجێکردنی کارێکی ڕەخنەیی لەبەر ڕۆشنایی هەر زاراوە و ئاراستەیەکی ڕەخنەیی. ئەمە جگە لەوەی کە ئەگەر چی ئاماژەی بە کتێبەکەی ڕیچاردز (ڕەخنەی پراکتیکی ،١٩٢٩) کردووە، بەڵام بە کارکردن لە چوارچێوەی چەمکە ڕیچاردزییەکە پابەند نەبووە، بەڵکو زیاتر جەختی لەسەر نموونە هێنانەوە بە مەبەستی سەپاندن و پراکتیزەکردنی میتۆدە ڕەخنەییەکان و بۆچوونەکانی خۆی کردۆتەوە، ئەمەش کارەکە لە چەمکی ڕەخنەی پراکتیکی بە مانا تایبەتییەکەی دوور دەخاتەوە.

عەتا قەرەداغی لە کتێبی "گەڕان بەدوای جوانییەکان لە رووبەرە فەرامۆشکراوەکاندا" دەربارەی نووسینە ڕەخنەییەکانی ناو ئەم کتێبە دەڵێت"ئەو میتۆدەی خوێندنەوەی دەقەکانی پێکراوە میتۆدی شیکاری پراکتیکییە، مەبەست لە ڕەخنەی شیکاری پراکتیکی کارکردنە لەناو بنیادی پێکهێنەری دەقدا، کە ئەویش بریتییە لە زمانی دەق و کۆی ئەو توخم و ڕەگەزە زمانییانەی بەشداری دەکەن لە بەرهەمهێنانی شیعرییەتی دەقدا" (قەرەداغی، ٢٠٢٠: ٣). لێرەدا، قەرەداغی لە سنووری چەمکی ڕەخنەی پراکتیکی بە مانا ڕیچاردزییەکەی دەرنەچووە و باش لەوە گەیشتووە، کە ئەم چەمکە پتر کار لەسەر توخم و ڕەگەزە زمانییەکانی دەق دەکات. هەر لە سەر ئەم بنەمایەش پرۆژەی ئەنجامدانی ڕەخنەی پراکتیکی پیادەکردووە.

ئەم کتێبەی عەتا قەرەداغی سێ لێکۆڵینەوەی لە خۆی گرتووە، بەم ناونیشانانە:

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp418-425

- خوێندنەوەی چەند دەقێكی جەلالی میرزا كەریم لە ژێر ناوی (خەمنامەدا).
- <<شەوێك لە شەوانی سیمرخ>>ی سەڵاح شوان لە نێوان ئەفسانە و واقیعدا.
- هاوشێوەبوونی برووسكەی شیعر و نووری خودا لە شیعری<< بارانی ڕەنگاوڕەنگ>>ی سەلام محەمەددا.

ڕەخنەگر لە دیدگای هۆشیارییەكی ڕەخنەییەوە، شیكردنەوەی بۆ دەقەكانی ناو ئەم ناونیشانانەی سەرەوە كردووە، هەروەكو خۆی دەنووسێت" لە میانەی شیكردنەوەیە بنیادی زمان و شیعرییەتی دەقەكانەوە ئاخاوتنی باری تێڕوانینمان لە هەر دەقێكدا كردووە..."(قەرەداغی، ٢٠٢٠: ٥).

بە خوێندنەوە و تێڕامان لە هەر سێ توێژینەوەكە، ئەوە ڕووندەبێتەوە كە ڕەخنەگر پابەندی ئەو ڕێباز و جۆرە ڕەخنەییە بووە، كە لە پێشەكی كتێبەكەیدا ڕوونی كردۆتەوە، بۆ نموونە ئەگەر سەرنجێكی لێكۆڵینەوەی دووەم بدەین(<<شەوێك لە شەوانی سیمرخ>>ی سەڵاح شوان لە نێوان ئەفسانە و واقیعدا)، ئەو تێگەیشتنە دروست دەبێت، كە لێكۆڵینەوەكە كۆی سەرنجە ڕەخنەییەكانی لە بارەی ڕەگەز و ئەدگارە هونەرییەكانی ناو دەقەكەوە دەربڕیوە.

لەم لێكۆڵینەوەیەدا، بە سەرنجدانی لە ناونیشانی دەقەكەوە دەستیپێكردووە و هەوڵیداوە، كە ناونیشان وەك كلیلی كردنەوە كۆدەكانی دەقەكە بەكاربهێنێت(قەرەداغی، ٢٠٢٠: ٦٩). دواتریش، چەند ئەدگارێكی شێوازناسیانەی دەقەكەی خستۆتەڕوو، جۆری دەنگەكانی ناو دەقەكەی دیاریكردووە. ئەمەش بە ڕوونی بایەخدان و بەتەوەركردنی ڕەهەندی ئیستاتیكی ناوەوەی دەقی ئەدەبییە، هەر بۆچوونێكیشی پێشكەشكردبێت، لە سنووری دەق نەچۆتە دەرەوە. ئەمەش نیشانەی پابەندی و هۆشیاری ڕەخنەگرە، كە بە ئاگاییەكی ورد لێكۆڵینەوەكانی ئەنجامداوە و هاوسەنگی نێوان میتۆدی ڕەخنەیی و خودی پرۆسەی ڕەخنەییەكەی پاراستووە.

هەڤاڵ ئەبوبەكر حسێن لە كتێبی "ئەدەبیاتناسی كارەكی" سێ لێكۆڵینەوەی ڕەخنەیی نووسیوە، جێی سەرنجە نووسەر ئەم كارەی ناولێناوە (ئەدەبیاتناسیی كارەكی) و لە لاپەڕە (٥) یشدا، بە ( ئەدەبی كارەكی) لە قەڵەمیداوە. وێڕای ئەوەی هیچ ڕوونكردنەوەیەكی لە بارەی بەكارهێنانی ئەم فۆرمە جیاوازانەوە نەخستۆتەڕوو، كەچی لە جوغزێكی دیكەدا، لە پێشەكی كتێبەكەیدا بەتەنیشت زاراوەی ئەدەبیاتناسییەوە، نووسیویەتی (لێكۆڵینەوەی ئەدەبی) (حسێن، ٢٠٢٢، ٥)، ئەمەیان ڕەنگە كێشە نەبێت، كە ئەم كتێبەی خۆی لەناو بازنەی لێكۆڵینەوەی ئەدەبی كارەكیدا دابنێت، بەڵام ئەوەی لێڵی و ناڕوونی دەهێنێتە ناو ئەم قسانەی هەڤاڵ ئەبوبەكرەوە، بەكارهێنانی زاراوەی (ئەدەبی كارەكی)یە بە مەبەستی (ڕەخنەی پراكتیكی). زاراوەی ئەدەبی كارەكی لەڕووی زانستی و بابەتییەوە، بۆ لێكۆڵینەوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی ورد و دروست نییە، چونكە وشەی (ئەدەب) ئاماژەیە بۆ دەقێكی ئەدەبی، كە تێیدا ڕوانینی شاعیر یان چیرۆكنووس لە بەرامبەر ئێش و ئازارەكانی ژیان و جڤاك و بوونەوەر خراوەتەڕوو. هەرچی لێكۆڵینەوەی ئەدەبی و ڕەخنەییە خستنەڕووی ڕوانینی ڕەخنەگرە لەبەرامبەر دەقی ئەدەبیدا.

هەر ئەم تێكەڵكارییەش لەنێوان زاراوەكاندا وایكردووە، لێكۆڵینەوەكانی ڕەخنەگرەكە لەڕووی ئاماژەدان بە میتۆدی كارەكە تووشی كێشەیەكی میتۆدۆلۆژی ڕەخنەیی بوونە، بەو مانایەی زاراوەی (پەسنیشیكاری) بە مانای (الوصفي التحليلي) بەكارهێناوە، كە كاركردن لەبەر ڕۆشنایی ئەم زاراوەیە پتر خستنەڕووی بنیاتی ئیستاتیكی دەقەكانە، بێ بڕیاردانی ڕەخنەیی، بەڵام نووسەر لە لێكۆڵینەوەكانیدا بڕیاری ڕەخنەییشی داوە، بۆنموونە لە لاپەڕە (٩٣، ١٥٠). ئەمە كێشەی بۆ تێگەیشتنی ڕەخنەگر لە مانا و چەمكی ڕەخنەی پراكتیكی و میتۆدبەندی ڕەخنەیی دروست كردووە. هەروەها جۆرە مۆركێكی لێكدڕی بە ستراتیژی كارە ڕەخنەییەكە بەخشیوە.

## ئەنجام:

گرنگترین ئەنجامەكانی ئەم توێژینەوەیە ئەمانەن:

- لە ڕووی فۆرمەوە، نووسەر و ڕەخنەگرانی كورد تاكە فۆرمێكی ستاندارد و چەسپاویان لە بەرامبەر زاراوەی ڕەخنەی پراكتیكی بەكار نەهێناوە، بەڵكو كۆمەڵێك فۆرمی جیاوازیان لە بەرانبەر (النقد التطبيقي=Practical Criticism) بەكارهێناوە، لەوانە: پەیڕەوی كردن، ڕەخنەی كردەیی، ڕەخنەی پراكتیكی، ڕەخنەی تەتبیقی، ئەدەبیاتناسی كارەكی، ڕەخنەی كرداری، ڕەخنەی كردارەكی.

- لەڕووی كردەیی و پیادەكارییەوە، هەندێك ڕەخنەگرانی كورد، بەشێوەیەكی جیاواز مامەڵەی جیاوازیان لەگەڵ چەمكی (ڕەخنەی پراكتیكی) كردووە: بەشێكیان هەر لە چوارچێوەی چەمكە گشتییەكەی ڕەخنەی پراكتیكی ماونەتەوە. بەشێكی زۆر كەمییان،بە هۆشیارییەوە ئاماژەیان بە چەمكە ڕیچاردزییەكە داوە و هەر بەم تێگەیشتنەش بەكاریان هێناوە، وەكو عەتا قەرەداغی لە كتێبی " گەڕان بەدوای جوانییەكان لەڕووبەڕە فەرامۆشكراوەكاندا". هەندێكی دیكەیان، سەرەڕای ئاگاداربوونیان لە دیدی ڕیچاردز، بەڵام بە مانا تایبەتییەكە بەكاریان نەهێناوە و بە مانا گشتییەكەی لەسەر دەقی ئەدەبیدا جێبەجێیانكردووە، وەكو هاوژین سلێوە لە كتێبی "ڕەخنەی پراكتیكی"دا. كەواتە، بە شێوەیەكی گشتی زیاتر چەمكە گشتییەكەی ڕەخنەی پراكتیكی لە ناو گوتاری ڕەخنەی ئەدەبی كوردیدا دەركەوتووە.

- هۆكاری ئەم تێكەڵكاری و ئاڵۆزیی و ئاریشەی فۆرم و چەمك و چۆنیەتی پیادەكردنی ڕەخنەی پراكتیكی، زیاتر نەبوونی هۆشیاریی و پاشخانێكی ڕەخنەیی فراوانە لە بارەی مێژوو و چۆنیەتی تیۆریزەكردن و پیادەكردنی ئەم زاراوەیە لە ناو ئەدەبیاتی جیهانیدا.

- لە ڕووی ئامانج و مەبەستەوە، هەرچەندە چەمكە تایبەتی و گشتییەكەی ڕەخنەی پراكتیكی لە ڕوویەكەوە پەیوەندییان بە مەبەستی فێركردن و ڕاهێنان لە سەر چۆنیەتی ئەنجامدانی پرۆسەی ڕەخنەییەوە هەیە، بەڵام لە ناو ڕەخنەگرانی كورددا، زیاتر مۆركێكی توێژینەوەیی بەسەر ئامانجی ڕەخنەی پراكتیكیدا زاڵە.

## سەرچاوەكان:

البصير، كامل حسن عزيز (د.) (١٩٨٣). ڕەخنەسازی، مێژوو و پەیڕەوی كردن. بەغدا: كۆڕی زانیاری عێراق.

حسێن، هەڤاڵ ئەبوبەكر(پ. ی. د). (٢٠٢٢). ئەدەبیاتناسیی كارەكی. چاپی یەكەم. سلێمانی:______.

سلێوە، هاوژین (پ. ی. د.). (٢٠١٩). ڕەخنەی پراكتیكی. چ٢ ، ______: چاپخانەی چوارچرا.

سەجادی، بەختیار (د.). (٢٠٢٢). فەرهەنگی زاراوەی ڕەخنەیی (ئینگلیزی- كوردی – فارسی). چاپی سێیەم. هەولێر: بڵاوكراوەكانی ماڵی وەفایی.

سەجادی، بەختیار و مەحموودی، محەمەد. (٢٠٠٢). فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی. سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

عوسمان رەئوف (د.). (٢٠١١). ئاسۆیەك بۆ رەخنەی ئەدەبی. بەغدا: دەزگای رۆشنبیری و بلاوكردنەوەی كوردی.

قەرداغی، عەتا. (٢٠٢٠). گەڕان بەدوای جوانییەکان لە رووبەرە فەرامۆشکراوەکاندا. هەولێر: بەڕێوەبەرایێتی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی هە ولێر.

میراودەلی، کەمال (د.). (٢٠٢١). شیعرناسیی بە شیعر. چاپی یەکەم. سۆران کتێبخانەی مێخەك و ئەکادیمیای فانی.

عبدالحميد، شاكر(د.). (٢٠٠١). التفضيل الجمالى. الكويت: سلسلة عالم المعرفة.

عبدالله ،عدنان خالد. (١٩٨٦). النقدالتطبيقي التحليلي، ط١. ،بغداد: دار الشؤون الثقافية.

وهبة ، مجدي. (١٩٧٤). معجم مصطلحات الادب. بيروت: مكتبة لبنان.

Baldick, C. (2001).The Concise Oxford Dictionary of Literary Terms. Second edition. New York: Oxford University Press.

Barry, P. (2009). Beginning Theory: An Introduction to Literary and Cultural Theory. Manchester university press.

Bredin, H. (1986). IA Richards and The Philosophy of Practical criticism. Philosophy and literature, 10(1), 26-37.

Hartman, G. H. (1979). A Short History of Practical Criticism. New Literary History, 10(3), 495-509.

North, J. (2013). What’s “New Critical” about “Close Reading”?: I. A. Richards and His New Critical Reception. New Literary History, 44, 141 - 157.

Peck, J. & Coyle, M. (1995). Practical Criticism: How to Write A Critical Appreciation. New York: Palgrave Publishers.

Richards, I.A. (1930). Practical Criticism: a Study of Literary Judgment. London: Kegan Paul, Trench, Trubner & Co. Ltd.

West, D. (2017). Practical Criticism: An Early Experiment in Reader Response. Language and Literature, 26(2), 88-98.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp418-425